
ئاڵا رەیانی:

# بە گۆرانی و سینەما میللەتی کورد زیاتر بە جیهان دەناسرێت هیوادارم منیش بەشێک بم لەو کارە





**ئاڵا ڕەیانی کچە کوردی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، خاوەن دەنگ و توانایەکی بەرزی هونەرییە و ئەگەرچی لە سوید دەژی و بە حوکمی گۆرانی وتنی بە زمانی ئینگلیزی و سویدی ئاشنایەتییەکی زۆری لە بارەی گۆرانی و موزیکی کوردی نییە، بەڵام ئێستا سەرقاڵی وتنی گۆرانیی کلاسیکی کوردییە و ئەندامێکی گرووپی موزیکی دەنگەکانە وەکو گۆرانیبێژ و لە گشت کۆنسێرتەکانی ئەم گرووپەدا بەشداری کردووە، لە هەمان کاتدا وەك ئەکتەریش لە دوایین فیلمی دەرهێنەری ناوداری کورد شەوکەت ئەمین کورکی بەشداری کردووە، لەم دیمانەیەشدا وەڵامی چەند پرسیارێکی بەشی هونەری گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.**

**• چۆن بوو پەیوەندیت بە (گرووپی دەنگەکان)ـەوە کرد؟**

دەتوانم بڵێم بە ڕێکەوت بوو، چونکە کەسێکی ناسیاومان کە دەنگی منی بیستبوو، سەبارەت بە دەنگی من قسەیان لەگەڵ مامۆستا وریا ئەحمەد کردبوو، ئەویش داوای کرد من ببینێت، بەڕێزەوە کاتی خۆی بۆ من تەرخان کرد منیش چەند گۆرانییەکم بۆ گوت، دوای بیستنی دەنگی من وتی: پێمخۆشە لەگەڵ یەکتر کار بکەین، ئەوە بوو هەفتانە ڕۆژێك دەچوومە لای بۆ مەشق و کارکردن لەسەر دەنگ.

**• پێش ئەوەی پێوەندی بەم گرووپەوە بکەی لە کوێ گۆرانیت وتبوو؟**

- من لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا دەستم بە گۆرانیوتن کردووە و شیعریشم نووسیوە و میلۆدیم ئامادە کردووە بە زمانی ئینگلیزی، هەمیشەش خەونم بەوەوە دەبینی بتوانم بە زمانی کوردیش گۆرانی بڵێم، بەڵام ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە کە لەگەڵ هونەرمەند و موزیسیانی دیکەی کوردی کار بکەم، ماوەی ٤ ساڵە من زیاتر ئاشنای گۆرانی و شیعر و هونەرمەندی کوردی بووم، هەروەها گۆرانی وتن بە زمانی ئینگلیزی و سویدی پێویستی بە تەکنیکی تازە و جیاواز هەیە لە تەکنیکی کوردی و بە حوکمی ئەوەی من لە سوید گەورە بووم، بۆ من ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام پێش دوو ساڵ بڕیارم دا بێمەوە کوردستان بۆ ئەوەی کەسێك بدۆزمەوە کە یارمەتیم بدات و کار لەسەر دەنگی من بکات، کار کردنم لەگەڵ مامۆستا وریا دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخساندم بۆ ئەوەی خەونەکەم بێتەدی.

**• ئەی بە فارسی گۆرانیت نەوتووە؟**

- نەخێر گۆرانیم بە فارسی نەوتووە، چونکە هەمیشە هەوڵمداوە ئاشنایەتی و شارەزاییەکی زیاترم دەربارەی موزیك و گۆرانیی کوردی هەبێت، باوکم سەنتوری دەژەنی و دایکیشم لە هونەرەوە نزیك بووە، بۆیە بۆ من شتێکی نوێ و نامۆ نەبوو تەنیا ئەوە نەبێت گۆرانیم بە زمانی کوردی نەوتبوو، کاتێك دەستم پێکرد بۆ ئەوەی بیڵێم، لەو کاتەشەوە گوێم لە گۆرانیی فارسیش گرت و مەشقم لەسەر فارسیش کرد و کەمێك بە فارسیش گۆرانیم دەوتەوە.

**• پێش ئەوەی لەگەڵ مامۆستا وریا کار بکەی هیچ بەرهەمێکی بڵاوکراوەت نەبوو؟**

- نەخێر تەنیا بە ئینگلیزی گۆرانیم وتووە، بەڵام ئەمساڵ گۆرانییەکم بڵاو کردۆتەوە کە گۆرانییەکی سویدییە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، دەنگی گۆرانییەکە و کلیپەکەیشم هەر لە کوردستان تۆمار کردووە، بەڵام موزیسیانەکان لە سوید بوون و دەرهێنەری کلیپەکەش هەر لە سویدەوە هاتبووە هەولێر تەنیا بۆ تۆمارکردنی ئەو گۆرانییە، بۆیە دەتوانم بڵێم کلیپەکە تێکەڵێکی جوانە لە نێوان سوید و کوردستان و داهاتی کلیپەکەم پێشکەش بە ئاوارەکانی کوردستان دەکرێ، ئەوانەی ئێستا لە کەمپەکاندا بە ناخۆشترین کات ژیانیان دەگوزەرێنن.

**• تا ئێستا هونەری ئینگلیزی، یان فارسی کاریگەریی بەسەر تۆوە هەبووە؟**

- زمان و گۆرانی فارسی بە زۆر کاریگەری بەسەر منەوە نەبووە، ڕەنگە ئینگلیزییەکە تا ڕاددەیەك کاریگەری هەبووبێت، ئەگەرچی گۆرانیشم بە زمانی کوردی نەبووە، بەڵام کاریگەریی هونەری کوردی بەسەر منەوە هەیە، چونکە کاتێك گۆرانییەکی ماملێ، یان حەسەن زیرەك دەبیستم هەست دەکەم جۆرە پەیوەندییەکم بە بیر دەهێننەوە لە نێوان من و دایك و باوکم و کوردستان و ڕەچەڵەکی خۆم کە کوردییە.

**• بە حوکمی ئەوەی زانیاری و شارەزاییت لە هونەری ئینگلیزی و سویدی هەیە هەستت کردووە دەتوانی سوود لەم هونەر و موزیکە وەربگری و لە هونەری کوردیدا بەکاریان بهێنیت؟**

- بێگومان سوودی دەبێت و پێموایە لە هەر بوارێکی دیکەی ژیان شارەزایی دەربارەی کەلتووی هەر نەتەوەیەك هەبێت، هیوادارم بتوانم ئەو شارەزاییەی هەمە لە بەرهەمەکانی داهاتووم سوودی لێ وەربگرم و بە تەواوی ڕەنگ بداتەوە و ئیزافەیەکی دیکە بخاتە سەر کاروانی هونەریم و کاتێك کەسێك گوێ لە گۆرانییەکانم بگرێت هەست بەوە بکات کە جگە لە هونەری کوردی شارەزاییم لە هونەری گەلانی دیکەش هەیە، بەڵام سەرەتا حەز دەکەم لە گۆرانی و موزیکی کوردی زیاتر ئاشنا بم ئەو کاتە ئەو ئەزموونەی لە هونەری بیانی هەمە بە تەواوی ڕەنگ دەداتەوە و جەماوەریش هەستی پێدەکات.

**• بۆ ئەوەی ئاشنایەتی زیاترت دەربارەی هونەری کوردی هەبێت، چ هەنگاوێکت ناوە، یان بە نیازی لە داهاتوودا چی بکەی ؟**

- لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسێکی تایبەتی مامۆستا وریا ئەحمەد و گرووپی (زیرۆبەم) بکەم کە زۆر خۆیان لەگەڵ من ماندوو کردووە و ماوەی ساڵ و نیوێك لەگەڵیان مەشقم کردووە و لەو ماوەیەدا هەفتانە چەندین جار چوومەتە لایان، هەر لەم ماوەیەدا هەستم کرد کە پێویستە زیاتر لاسایی هونەرمەندانی کوردی بکەمەوە و گوێ لە گۆرانییە کوردییە جیاوازەکان بگرم و ئەمەش بە بەشێکی دیکەی فێربوون و ئاشنا بوونم بە گۆرانی و موزیکی کوردی دەردەخات و پێویستە زیاتر فێر ببین، چونکە من کە بە زمانی ئینگلیزیش گۆرانیم وت، رووم لە کلاس کردووە و بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە بوارەی گۆرانی و هونەری ئینگلیزی خوێندوومە و پێموایە هونەرمەند پێویستە بەردەوام لە بواری هونەر بخوێنێ و شارەزایی هەبێت و فێری تەکنیکی نوێی گۆرانی و موزیك ببێت، ( گرووپی دەنگەکان) یش بۆ من دەرفەتێکی باشە تاکو زیاتر فێر بم بەتایبەتی لەژێر دەستی مامۆستایەکی گەورەی وەك وریا ئەحمەد، چونکە بە هەموو شێوەیەك هاوکاری و پشتیوانیم لێدەکەن.

**• دەربارەی موزیك و گۆرانی هیچت خوێندووە؟**

- من هەر لە تەمەنێکی زوودا بۆ ماوەی شەش ساڵ گیتارژەن بووم، دواتر لە قوتابخانەی دەنگ خوێندوومە بۆ ئەوەی بتوانم لە ڕووی زانستیشەوە سوود لە دەنگی خۆم ببینم.

**• ئێستا لە سەرەتای کاروانی هونەری خۆتی بە زمانی کوردی، چیت لە بەرنامەدایە بۆ ئەوەی ئاڵا ڕەیانی زیاتر لای جەماوەری کوردی بناسرێت ؟**

## شەیما عەباسی:

# پێویستە سینەما پەرەی زیاتری پێ بدرێت





- مــن بڕوام بــەوە نییە کە هونەرمەند لــە ماوەیەکی کورتدا بناســرێت و ناوبانــگ پەیدا بکات، بێگومــان ئەو ڕۆژەی کە جەمــاوەر حەزی لە دەنگی هونەرمەند بێت، ئەو ڕۆژە هەر دێت، ئەگەر هونەرمەندەکە خۆی ماندوو بکات و کاری جوان پێشکەش بــکات، دەبێ جەمــاوەر خۆی هونەرمەند بناســێت و دەنگ و کارەکانی لای پەسەند بێت، ئەمەش بە ڕۆژێك و دوو ڕۆژ نایەتە دی، لەوانەیە چەند ساڵێکی پێویست بێت، منیش دەستم پێکردووە و قۆڵم لێی هەڵماڵیوە و لەگەڵ گرووپی دەنگەکان بەردەوام دەبم، چونکە پشتیوانیی هونەرمەندان زۆر گرنگە بۆ هونەرمەندێکی وەکو من، لە بەرنامەمدایە جارێکی دیکە بێمەوە کوردســتان بۆ کاری زیاتر و لەلایەن خۆشــمەوە بەردەوام دەبم لە مەشــقکردن لەسەر گۆرانییە کوردییەکان.

*** بیستوومانە جگە لە گۆرانی، بەشداریت لە کاری نواندنیشدا کردووە، دەکرێ هەندێك باسی ئەو لایەنەشمان بۆ بکەی؟**

- ئەو دوو ســاڵەی لە کوردستان بووم سوودێکی زۆری بۆ من هەبوو هەر ئەو ماوەیە بەشــداریم لە فیلمێکی درێژی دەرهێنەر شــەوکەت ئەمین کرد بەناوی (بیرەوەری لەسەر بەرد) کە چەند خەڵاتێکیشی بەدەســتهێناوە و بڕیارە لە فیستیڤاڵی یۆتۆبۆری لە ســویددا بەشــداری بکات، ئەمەش بۆ من ئەزموونێکی زۆر باش بــوو، چونکە کوردانــی هەموو پارچەکان تێیدا بەشــدار بوون، هەر لەوێشــەوە بۆ من دەرکەوت کــە بەرهەمهێنانی فیلم لە کوردستان چەند ســەختە بە بەراورد لەگەڵ کورتە فیلمێکی بچووك کە لە شــوێنێکی وەك ســوید بەرهەم بهێندرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ســینەماکارانی کورد کاری زۆر جوان پێشکەش دەکەن، مــن هیوادارم بتوانم لە بواری سینەماشــدا بەردەوام بم، چونکە بە گۆرانی و ســینەما میللەتی کورد زیاتر بە جیهان دەناسرێت هیوادارم منیش بەشێك بم لەو کارە، حەز دەکەم باڵانسێك لە نێوان گۆرانی و موزیك و ســینەمادا درووست بکەم، بەڵام حەز دەکەم وەکو گۆرانیبێژ بناسرێم، چونکە گۆرانی بۆ من خەونی منداڵی بووە و خەریکە ئێستا ئەو خەونەم دێتەدی.

*** ئــەو ڕۆڵانەی دەیبینی هیچ پێوەندییەکیان بە ســەما کردنەوە هەیە؟**

- هەرچەندە من لە بواری سەماکردنیش کارم کردووە، بەڵام ئەو ڕۆڵانەی تا ئێستا بینیومن لە سینەما هیچ پێوەندییەکی بە ســەما کردنەوە نەبووە، هەر بۆیەش سیناریۆی فیلمێکم پێشکەش کراوە کە باس لە ئافرەتێکی سەماکار دەکات.

*** کەواتە ســوودت لە ســەما کردن بینیوە لە سینەما و شانۆ؟**

-بێگومان لەڕووی جەستەیی و ئیستعیرازییەوە سوودێکی زۆرم لێ بینووە، چونکە نواندن پێویســتی بە جەستەیەکی گونجاو هەیە کە بتوانێت بە ئاسانی جوڵەکان ئەنجام بدات.

*** زۆر جــار گوێمان لەوە دەبێــت کە ورووژاندن و گرتەی سەرنجڕاکێش دوو تایبەتمەندیی سینەمای مەغریبین، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

- ســوپاس بۆ خوا ســینەمای مەغریبی بــەردەوام لە ســەرکەوتندایە و پێش دەکەوێت، بۆیە ئەم تۆمەتانە بۆ من گرنگ نین و کاریگەرییان بەسەر منەوە نییە.

***پێتوایە ورووژاندن کارێکی پێویستە بۆ سەرکەوتنی کاری سینەمایی؟**

-نەخێر، چونکە ســینەما واقعی نیشان دەدات بە هەموو



**لە بواری نواندن و سەما کردندا شەیما عەباسی سەرکەوتوو بووە و تا ئێستا بەشداری لە چەندین فیلم و کورتە فیلم و کلیپدا کردووە لە مەغریب و وڵاتانی عەرەبی، لە فیستیڤاڵەکاندا ژمارەیەك فیلمی کوردی بینیووە و وەك خۆی دەڵێ سەرسامە بە فیلمە کوردییەکان، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەی لەگەڵ ئەنجام بدەین**

مانایەکەوە بە گرتەی سێکسی و وروژاندنیشەوە، راستە مەرج نییە چیرۆکی هەموو فیلمەکانی واقعی بێت، بەڵام وروژاندن کارێکی پێویست و سەرەکی نییە بۆ ئەوەی فیلم سەرکەوتوو بێت.

*** هیچ بابەتی کۆمەڵایەتی هەیە کە پێویستی بە وروژاندن بێت بۆ ئەوەی بگاتە جەماوەر وەکو پێویست؟**

- نەخێر وەکو پێشتر وتم مەرج نییە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە وروژاندن بگاتە جەماوەر و پێشوازیی لێ بکات .

*** کەواتە بۆچی سینەمای مەغریبی بەمە تۆمەتبار دەکرێت؟**

- دڵنیام تەنیا ئیرەیی پێ بردنە، ئێستا کەسانێکی زۆر ئیرەییمان پێ دەبەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەبینن سینەمای مەغریبی بەردەوامە لە سەرکەوتن.

*** تۆ خۆت ئامادەی ئەم جۆرە رۆڵانە ببینی؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیم و ئەم جۆرە کارانە لای من رەت دەکرێنەوە تەنانەت بیریشیان لێ ناکەمەوە.

*** بۆچی جەماوەری سینەما و شانۆ رووی لە کەم بوونەوەیە؟**

- چونکە ئێستا نوێترین فیلمەکان لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان دەدزرێن.

*** بەڕای تۆ چارەسەر چییە؟**

- بە رێگا گرتن لەم دیاردە ناشیرینە، بەشێوەیەکی گشتی پێویستە سینەما لە هەموو روویەکەوە پەرەی زیاتری پێ بدرێت.

*** سوودتان لە سینەمای فەڕەنسی وەرگرتووە؟**

- من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە، بەڵام من وەکو شەیما تا ئێستا لە هیچ کارێکی سینەمایی فەڕەنسیدا کارم نەکردووە.

*** من مەبەستم سینەمای مەغریبییە بەشێوەیەکی گشتی؟**

- بێگومان ئەمە تا رادەیەك راستە، چونکە لە مەغریبدا کەلتووری فەڕەنسی بە هەموو شێوەیەك و لە هەموو جومگەکانی ژیاندا بڵاوبووەتەوە.

*** بە رای تۆ سینەمای مەغریبی پێشکەوتووترە یان سینەمای میسری؟**

- من ماوەیەکە زیاتر گرنگی بە سینەمای مەغریبی دەدەم، چونکە سینەمای میسری وەکو جاران نەماوە.

*** چی دەزانی دەربارەی سینەما و فیلمی کوردی؟**

- لە فیستیڤاڵێکی سینەمایی لە مەغریب ژمارەیەك فیلمێکی کوردیم بینی و لە زۆر رووەوە سەرنجیان راکێشام و فیلمی سەرکەوتوون.

*** زیاتر چ لایەنێکی فیلمە کوردییەکان سەرنجیان راکێشای؟**

- ئەوەی تێبینیم کرد زۆر بە قوڵەوە هەوڵ دەدرێت کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە وردی بخرێتە روو و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، هیوادارم ئاشنایەتی زیاترم دەربارەی فیلمە کوردییەکان هەبێت بەتایبەتی ئەوانەی لە مەغریب نمایش دەکرێن.